
سوید تۆمەتبارانی کوشتنی سەلوان مەمیکا ئازاد دەکات



دەسەڵاتی دادوەری سوید، ئەو پێنج کەسەی ئازاد کرد کە بە تۆمەتی کوشتنی سەلوان مەمیکا، ئەو گەنجە عێراقییەی چەند جارێک قورئانی سوتاند، دەستگیرکرابون. داواکاری گشتیش دەڵێت، "هیچ هۆکارێکم نییە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بە دەستبەسەرکراوی بهێڵمەوە"

دەسەڵاتی دادوەری سوید، ئەمڕۆ هەینی ڕایگەیاند، ئەو پێنج کەسەی ئازاد کردوە کە بە تۆمەتی کوشتنی سەلوان مەمیکا، ئەو گەنجە عێراقییەی چەند جارێک قورئانی سوتاند دەستگیرکرابون.
لایخەیەوە ڕاسموس ئۆومان، داواکاری گشتی سوید ئەمڕۆ هەینی لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "بەگوێ و گومانەکان لاواز بون و چیتر هیچ هۆکارێکم نییە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بە دەستبەسەرکراوی بهێڵمەوە".

دەشڵێت، "بەگوێ و گومانەکان بەتەواوی ڕەت نەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن".
سەلوان مەمیکا، گەنجێکی تەمەن 38 ساڵانی عێراقییە و لە سوید پەنابەربو، دوێنی پێنج شەممە میدیاکانی سوید باویانکردەوە، ئەو گەنجە لە شوقەکەی خۆی تەقەی لێکراوە و گیانی لەدەستداوە.

سەرۆک وەزیرانی سوید ڕایگەیاند، "کوشتنەکەی پەیوەندی بە زلهێزەکی بیانییەوە هەیە".

سەلوان مەمیکا، ناوی تەواوی سەلوان سەباح مەتی مەمیکایە، ساڵی 1986 لە شارۆچکەی حەمدانییە (قەرەقوش)ی زێرینە کریستیاننشینی سەر بە پارێزگای نینەوا لە دایکبوو و چەند ساڵێک لە هاوژینەکەی جیا بوەتەوە.
سەلوان مەمیکا لەلایەن دادگاکانی عێراقەوە داواکراوە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە داوا لەسوید کراوە کە هاوەستیان بکرێتەوە، دوای ئەوەی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا چەند جارێك قورئانی پیرۆزی سوتاند.

ساڵی ڕابردو داوای مافی پەنابەری لە نەرویج کرد، چونکە دەوترێت حکومەتی سوید ڕێگەیکردوەتەوە پارێزگاری لێبکات لە بەرامبەر تووندڕەوکان.